
# فەرشناسی

## ١- نەخشی ئەندازەیی جاف



کورد بەیەکێک لە میللەتە دێرینەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دادەنرێت کە دەستێکی باڵای هەبوە لە هونەری چنیندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و شێوەی ژیانیان. چنین پرۆسەیەکی دوورو درێژە و پێویستی بە ئامادەکاریەکی زۆرە. لە بڕینەوەی خوری یەوە دەستپێدەکات بۆ شتنەوە و ڕستن و خومکردن و لەدوایشدا چنین. فەرش و بەڕە بەدەر لەوەی کە بۆ کاروباری ڕۆژانە و پێداویستی ناوماڵ بەکارهاتوە ، لەهەمان کاتدا تاکە ماتریاڵێکی ڕەنگین بوە بەدەستیانەوە بۆ ئەوەی بتوانن لێیەوە گوزارشت لە خەون و ئارەزووەکانیان بکەن. بەتایبەت ژنی کورد سودێکی زۆریان بینیوە لەم ماتریاڵە. لەڕێگای هەڵبژاردنی ڕەنگ و دانانی نەخشی گونجاوە وە توانیویانە چیرۆکی ژیانی خۆیان و بیروباوەڕ و ئەفسانەکانی تیا تۆماربکەن. واتە چنین تەنها وەک پێداویستی ناو ماڵ سەیر نەکراوە بەڵکو وەک مادیەکی هونەری لێیان ڕوانیوە و بەکاریان هێناوە.

نەخشەکانی ناو فەرش کە بەرهەمی فەنتازیا و خەیاڵی چنرەکانە، تێگەیشتن لێیان سەختە و پێویستی بە ووردبونەوەی زۆرهەیە هەتا گرێ شاراوەکانیان دەکرێتەوە. نەخشەکان بەگشتی و نەخشە ئەبستراکتەکان بەتایبەت دەچنە سەروی تێگەیشتنێکی سادە وەو شیوازێک لە زمانی سیمبولیی دروست دەکەن کە ئاسان ماناکانیان نادەن بەدەستەوە . بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ناو ئەو دنیا نهێنیەوە دەبێت لە زمانی سیمبولیی شارەزابین.

مـــرۆڤە كۆچـــەریی و لادێنشینەكـــان پەیوەنـــدیەكی قـــوڵ و ڕۆحیان هـــەیە بـــە دیاریدە سروشـتیەكانی چـواردەوریانـەوە. لـەئـەنـجامی ئـەو پـەیوەنـدیانـەدا بەشێوەیەكی خۆڕسک زمـانێكی تـایبەت بەخۆیان خـولـقانـدوە. ئـەو زمـانـەش نـاسـراوە بـە زمـانی وێنەیی یان سیمبولی.

ئەوەی كە جێگەی تێرامـــانی ئێمەیە لەم نـــوسینەدا شیكردنەوە و تێگەیشتنە لە (نەخشی ئەندازەیی جاف)، كە بەیەكێک لە مۆتیڤە تایبەتەكانی ناو فەرش و بەڕەی كوردی ناسراوە لە جیهاندا.




فەرشی كوردی بە نەخشی ئەندازەیی جاف، ناوەڕاستی سەدەی ١٩


## تێگەیشتن لە (نەخشی ئەندازەیی جاف)

ئەم نەخشە، ئەگەر هەر یەکەیان بەجیا لێیبڕوانین، ئەوا شێوەیەکی ئاڵماسی هەیە. لە شێوەی گوارەیەك یان چاوەزارێك دەچێت کە هەڵواسرابێت. کاتێك کە لە ڕێگای شیکردنەوەی ئەندازەییەوە دەمانەوێت لە ژێرخانی ئەم دیزاینە تێبگەیت، ئەوا دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە ئەم نەخشە لەناو شێوەیەکدا دروستدەبێت کە ناسراوە بە (ڤەسەکە پایسس- Vesica piscis). ئەم شێوە ئەندازەییە مانایەکی زۆر گرنگی هەیە لە هونەری ترادسیۆن دا.

لە هەندەسەی پیرۆزدا، بازنە سومبولی خودایە ، چونکە نە سەرەتای هەیە نە کۆتا. هەموو فۆرمەکانی تر لە ئەنجامی دووبارەکردنەوی بازنەکانەوە دێنە بوو. وەك دروستکردنی فۆرمی سێگۆشە و چوارگۆشە و هتد. واتە بازنە دایکی هەموو فۆرمەکانە. یەکەمین فۆرم کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی دووبازنەدا دروست دەبێت وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت ئەو شێوەیەیە کە پێیدەوترێت (ڤەسەکە پایسس). ئەگەر خاڵە یەکتربڕەکانیان بگەیەنین بەیەك ئەوا شێوەی ئاڵماسی دروستدەبێت.



شێوەی ئەڵماسی



ڤەسەکە پایسس

بەریەککەوتنی دووبازنە لە هەندەسی پیرۆزدا گوزارشتە لە سەرەتای چیرۆکی خەڵق. تێکەڵبوونی جیهانی دیارە بە جیهانی نادیار و هاتنەبوونی یەکەمین فۆرمە. ئەوەی کە ئەو

دووبـازنەیە لـە ئـەنـجامی بـەریەککەتـنەکـەدا دروسـتی دەکەن، بە یەکەم دەرکەوتـن و خۆنـمایشکردنی جیهانی نـادیارە دەنـاسـرێت. هەربۆیە لە زۆربەی ئـاینەکـانـدا، وێنەی پەیامـبەر و پیاوە ڕۆحـانیەکـانیان لە نێو ئەو فۆرمەی نـاوەڕاسـتی دوو بـازنـەکـانـدا دروستکردوە واتە لە نـاو  ڤەسەکە پایسس ە کە دا. هەر شتێك بکەوێتە نـاو ئـەو فۆرمـەوە ئەو دەبێتە سومبولی ناوەندگیری لە نێوان ئەو دوو جیهانە جیاوازدا ( فیزیك و میتافیزیك). ڤەسەکە پایسس سومبولە بۆ ڕۆڵی پەیامبەرەکان کە ئیشیان نێوەندگیریکردنە لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا.

بوونی ئـەو فۆرمـە لـە پشـت دیزاینی نـەخشی جـافدا وامـان لێدەکـات کـە بـە گـرنگیەوە لـە نەخشەکە بڕوانین و زیاتر ڕۆبچینە ناو وورده کاریەکانیەوە.



پەیکەری بودا لەناو ڤەسەکە پایسس دا



پەیکەری مەسیح  لەناو ڤەسەکە پایسس دا

**نەخشی جاف و سروشتی کوردستان**


سروشتی کوردستان زۆربەی شاخاویە . خێڵە جافەکان بە بەردەوامی کۆچیان کردوە لە گەرمیانە وە بۆ کوێستان. ئەو سەفەرانەیان هەمیشە بەناو چیا کاندا کردوە. بۆیە ڕەنگدانەوەی دیمەنی شاخەکان و گوڵ و درەختەکان لەناو فەرش و بەڕەی جافەکاندا دەردەکەوێت.

هەرچەندە ( نەخشی ئەندازەیی جاف) ئەبستراکت و نادیارە بەڵام بە ئاشکرا لەناویدا سروشتی ڕەنگاوڕەنگی کوردستان هەستپێدەکرێت. ئەویش لەرێگای دانانی دەیان ڕەنگی تۆخ و دژبەیەك لەناو فەرشەکاندا کە ڕەنگدانەوەی سروشتی بەهاری کوردستانە. ژنانی کورد بەسلیقەیەکی زۆرەوە توانیویانە وێنە واقعیەکانی گوڵ و درەختەکان هەڵبوەشێننەوە و جەوهەرەکەیان لەرێگای ڕەنگەکانیانەوە بەیان بکەن.

لە هەمووی دیارتر لەم نەخشەدا دەرکەوتنی لوتکەی چیاکانە ئەویش بەشێوەیەکی ئەبستراکت و ناڕوون. شێوە ئاڵماسیەکانی نەخشی جاف کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و یەك لەسەر یەك ڕیزدەکرێت، شێوەیەکی زیگزاگی وەردەگرن کە هاوشێوەی لوتکەی زنجیرە چیاکانە.



زنجیرە چیا



شێوەی زیگزاگی نەخشی جاف

شاخ لـه سـايكۆلۆژياى مـرۆڤى كـورد دا جێگەى مـرۆڤه ياخى و ئـازادەكـانـه. بـه درێژايى هەزاران ساڵ شاخـەكان وەك سومبولى ئازادى لـه نائاگايى مرۆڤى كورد دا جێگير بوه. مـرۆڤه كۆچـەريەكـانيش كـه بـه سـروشـتى خۆيان مـرۆڤى ياخى و ئـازادن تـوانيويانـه ئـەو ديمەنـه قوڵ و شـارەوەيەى نـاو نـائـاگـايى خۆيان لـه ڕێگاى دروستكردنى ئـەو نـەخشەيەوە دابڕێژنەوە.

بەڵام ئەمە كۆتـايى چيرۆكـەكه نيه، كـاتێك زياتر ووردەبينەوە لـه نـەخشەكه هەست بـەبونى وێنەيەك دەكـەين لـەنـاو شێوە ئـەڵماسيەكـەدا كـه دەمـانبـاتـەوە بۆ نـاو قـوڵايى ئـەفسانـەيەكى كوردى.

## نەخشی جاف و ئەفسانەی شاماران

بەدەر لە شێوە زیگزاگیەکەی ئەم نەخشە کە لە چیاکانەوە وەرگیراوە، لەناو هەر یەك لە شێوە ئەڵماسیەکە دا نەخشێکی کە هەیە کە دەچێتە خانەی ئەو نەخشانەی کە ناسراون بە مۆتیڤی ئەژدیها . ئەژدیها بونەوەرێکی ئەفسانەیە و زۆربەی جار سومبولە بۆ هێزی وێرانکەر. کە گوزارشت لە دەستەڵات و هێزی وێرانکەری خوداوەند دەکات. نەخشی ئەژدیها لە بنەڕەتدا لە وێنەی مارەوە وەرگیراوە و بە شێوەیەکی فەنتازی داڕێژراوەتەوە. لە میتۆلۆژیای کوردیدا کە تێکەڵەیەکە لە درێژکراوەی میتۆلۆژیای هیند و ئارياییەکان، مار جێگەیەکی ئەرێینی هەیە.




نەخشی ئەژدیها


لە ناو شێوە ئەڵماسیەکەی نەخشی جافدا، سەرێکی بچوك هەیە و کە لکاوە بە لەشێکەوە، لە ناوەڕاستی لەشەکەوە چەند سەرە مارێك هاتونەتە دەرەوە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم پەیوەندی نەخشی جاف ە بە نەخشی شاماران ەوە.

لە میتۆلۆژیای کوردیدا شاماران بە خوداوەندی زانین و پارێزەری نهێنیەکان ناسراوە. لە ئەفسانەکەدا وا باسدەکرێت کە شاماران دەکەوێتە عەشقی کوڕێکەوە و دواجار بەشێوەیەکی تاڵ کۆتایی بە ژیانی دەهێنرێت، بەڵام پێش مردنی هەموو ئەو بەهرانەی کە هەیەتی وەک زانین ی نهێنیەکانی گەردوون دەگوێزێتەوە بۆ خۆشەویستەکەی. ئەم خوداوەندە سەر و لەشی ئافرەت ەو بەشی خوارەویشی مارە. ئەگەر لەگەڵ مۆتیڤی جافدا بەراوردبکرێن دەبینین لەیەکچونێکی بنەڕەتی هەیە لە نێوانیاندا، هەرچەندە مۆتیڤی جاف ئەبستراکتە لەکاتێکدا وێنەی شاماران تارادەیەکی زۆر ڕیالیستیکی یە.

شاماران وەك هەر چیرۆك و بەسەرهاتێكی تر دەماودەم گوێزراونەتەوە لەنەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر. لە خەیاڵدانی ژنانی فەرشچنی كورد دا (شاماران) وێنەیەكی باڵای ژنی كورد بوە. لە شاماران دا هەستیان بەبون و شكۆمەندی خۆیان كردوە، هەربۆیە ئەو وێنەیەیان گواستەوتەوە بۆسەر كارەكانیان. بوونی شاماران لەناو نەخشی جافدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیە زۆرەی كە ئافرەتی كورد داویەتی بە مەعشوقەكەی. واتە لە ڕێگای دروستكردنی ئەو نەخشەوە ژنانی كۆچەری و لادێنشین پەیامی عەشقی خۆیان ناردوە بۆ خۆشەویستەكانیان. وەک دەزانین لە كوردەواریدا ئافرەت نەیتوانیوە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە خواست و ئارەزوەكانی بكات بۆیە هەمیشە بە شێوەی لوغز و نهێنی وویست و بۆچوونەكانی خۆیان لە ڕێگای نەخشەكانەوە گوێزاوەتە ناو فەرشەكان. لەم حاڵەتەدا توانیویانە بە سەلیقەی هونەری خۆیان وێنە خەیاڵیەكانی شاماران بگۆڕن بۆ ئەو شێوە ئەبستراكتە و لەنێو كارەكانیاندا جێگای بكەنەوە.





نەخشی جاف و دیاریکردنی ئیلەمێنتەکان




نەخشی شاماران و دیاریکردنی ئیلەمێنتەکانی

دەرئەنجامی ئەم نوسینە ئەوەمان پێدەڵێت كە ئەگەر دیمەنی ناو یەك نەخش وەرگرین ئەوا زیاتر گوزارشت لە ئەفسانەی شاماران دەكات. ئەگەرچەند نەخشێك پێكەوە ریزبكەین ئەوا زیاتر دیمەنی زنجیرە چیا نیشاندەدات. بەڵام ئەگەر پێكەوە سەیری دیمەنەكە بە گشتی بكەین ئەوا شتێكی ترمان بۆ دەردەكەوێت. لە ئەفسانەی شاماراندا وا باسكراوە كە شاماران لەناو ئەشكەوتێكدا خۆی حەشارداوە. لە نەخشی جافدا ئێمە هەم دیمەنی چیا مان

هەیە و هەم وێنەی شاماران. وەك ئاشکرایە شوێنی ئەشکەوتیش هەمیشە کەوتوەتە ناو چیاکانەوە. بۆیە ئەگەر لەو وێنەیە خوارەوە ووردببینەوە ئەوا دەتوانین بڵێین بەو شێوەیە وێنەکە دەخوێنرێتەوە. شێوە ئاڵماسیەکەی نەخشەکە چیا یە و ڕەنگە سپیەکە ناوی ئەشکەوت ەو و وێنەکەی ناویشی شاماران ە. بۆیە لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین (نەخشی ئەندازەیی جاف)، دەکرێت لە بنەڕەتدا پۆرترێتێکی ئەبستراکتی خودی شاماران بێت.




نەخشی شاماران بەشێوەی ئەبستراکتی



نەخشی شاماران بە شێوە نیوە ڕیالیستیکیەکەی

شۆڕش ساڵح
٢٠٢٢
لەندەن